کوردستانی نوێ
KURDISTANI NWE
ساڵی چواردەهەم-ژمارە (3640) هەینی 2005/4/8
No: 3640 Friday 8/4/2005


ئیسماعیل بێشکچی

### لەوەڵامی پرسیارەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستاندا

## زانای کۆمەڵناسی گەورەی تورک ئیسماعیل بێشکچی:

# سەرچاوەی سەرەکیی کێشەی کوردو کوردستان لەساڵی 1920ەوە دەست پێدەکات

**ئامادەکردن و وەرگێڕانی وەڵامەکان لەتورکییەوە:**

**فرات کەلەهکی - ئارام عەلی عەزیز**

**بەشی دووەم**

***کوردیش ئەمە زۆر بەئاسایی و سروشتیانە وەردەگرێت. زمان کەکەرەستەیەکی گفتوگۆیە، بەهاکانی سیستەمی سەردەستی تورک و کەلتوری سیاسی تورکیش لەخۆدەگرێت. بۆ نمونە ئەوەی کە لەباکوری قبرس بۆ 170-180 هەزار تورک باش و گونجاوە، بۆ 20 ملیۆن کورد دەبێ بەخراپ و نەگونجاو. ئایا ڕەوش و چەمکێکی وەها چۆن دێتە ئاراوە؟**

وەکو لەچارەکی کۆتاییی سەدەی بیستەمدا دەبینرێ، دەوڵەتەکان دەکەونە سەروی پێکهاتەی نەتەوەوە، بەڵام بەردەوام دەبن و سورن لەسەر پاراستنی ناسنامەو کەلتورو زمانی نەتەوەیی خۆیان، کەچی کورد کەناسنامەی خۆی بەدەست نەهێناوەو ناتوانێ ناوی خۆیشی لەهیچ شوێنێك بنوسێت، لەم مەسەلەیەدا دووچاری سستی و لاوازیی هەڵوێست وەرگرتن بووە، بەمەش کەوتۆتە ڕەوشێکی سەرنجڕاکێش.((بەتەنیا ئەوە بەس نییە کەبڵێی زمان ئامرازێکی گرنگی گفتوگۆیە)) بۆ ئەوەی مرۆڤ لەو مەسەلەیە بگات پێویستە شیکردنەوە سەبارەت بەزمان و ناوەرۆکی کە بەهۆیەوە پێی دەگات بکات.

*** تۆ لەکتێبەکاندا کوردستان وەکو کۆلۆنیایەکی نێودەوڵەتی ناو دەبەیت، بە لەبەرچاوگرتنی ڕەوشی ئەم دواییەی جیهان، ئایا هیچ گۆڕانکاری لەبیرو بۆچوونەکاندا ڕویداوە سەبارەت بەو مەسەلەیە؟**

- دەتوانین واتای(کوردستان کۆلۆنیەکی نێودەوڵەتیە) بەم شێوەیە شیبکەینەوە:

وەکو دەزانرێ لە18ی کانوونی دوەمی 1919 کۆنفرانسی ئاشتیی پاریس لەژێر چەتری کۆمەڵەی گەلاندا ڕێکخستنێکی سیاسیی نوێی دامەزراند. ئەم ڕێکخراوەش بەمەبەستی پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی دامەزرێنرا. کۆنفرانسی ئاشتی پاریس دوای شەڕی یەکەمی جیهان بەهەوڵی وڵاتە سەرکەوتوەکانی وەکو(ئینگلتەرە، فەرەنساو ئیتالیا)و ڕێکخستنە ناحکومییەکان پێکهێنرا. ئەمریکاش ڕۆڵێکی گرنگی لەکۆنفرانسەکەدا بینی. لەکۆتاییی شەڕەکەدا ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانیاو ئیمپراتۆریەتی نەمسا-هەنگاریاو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ڕووخان و پەرشوبڵاوبوون.

لەچوارچێوەی کۆنفرانسی ئاشتیی پاریسدا پەیماننامەی ئاشتیی جیاجیا لەگەڵ وڵاتە دۆڕاوەکاندا ئیمزاکرا. لەکاتی شەڕی یەکەمی جیهاندا، ساڵی 1917 ئیمپراتۆریەتی روسیاش ڕووخاو یەکێتی سۆڤیەت شوێنی گرتەوە. کۆمەڵەی گەلان لەو خاکانەی کە لەدەوڵەتی عوسمانی جیابوونەوە سیستەمی ئینتدابی(ماندێت)-A دامەزراند.

دەتوانرێ سیستەمی ماندێت، وەکو سیستەمی داگیرکاری، یان دەسەڵاتدارێتیی داگیرکاری سەیربکرێت. لە 25 نیسانی 1920 عیراق، ئوردون، فەلەستین درانە ئینگلتەرا، سوریاو لوبنانیش کەوتنە ژێر ئینتدابی فەرەنسا. من لەو باوەڕەدام کە سەرچاوەی سەرەکیی کێشەی کوردو کوردستان لەو کاتەوە لەساڵی 1920دا دەست پێدەکات. ئەگەر ئەو سەردەمە ماندێتێکی کوردستانی سەر بەئینگلتەرە، یان سەر بەفەرەنسا دامەزرایە، ئەوە مەسەلەی کورد کەتا ئەمڕۆ بێ چارەسەرکردن درێژبۆتەوەو ڕۆژ بەڕۆژ دژوارتر دەبێ، کێشەیەکی ئەوەندە گران نەدەبوو.

ئەگەر ئەو کاتە کوردستانێکی کۆلۆنی، یان کوردستانێکی ماندێت دامەزرایە، ئەوە پێیان دەگوت، ماندێتی کوردستان، یان کوردستانی ماندێت و بە(کوردستانی ماندێتی ئینگلیز)یان (کوردستانی ماندێتی فەرەنسا) دەناسرا. ئەگەر وابوایە وەکو ماندێتەکان، یان داگیرکراوەکانی دیکە هەڵبەت دەوڵەتێکی سەربەخۆی لێ دەکەوتەوە. بەڵام ئەوە نەهاتە دی.

**ئەو ناهەقیەی کە لەسەردەمی کۆمەڵەی گەلاندا لەکورد کرابوو بەهەمان شێوە لەسەردەمی نەتەوە یەکگرتووەکانیش بەردەوام بوو**

لەقۆناغی سیڤەرو لۆزاندا گەلی کوردو کوردستانی وڵات دابەشکران. لەچوارچێوەی دەوڵەتانی ماندێتکراو کەدامەزرێنران و لەنێوان تورکیاو ئێرانیشدا کەپێشتر دابەشکرابو، سنورەکان بەتەواوەتی توانرانەوەو هەوڵ درا کوردەکان بەسیاسەتی بتاوێننەوە. بەر لەهەر شت واتای دامەزراندنی ماندێت، یان کۆلۆنی، دەستنیشانکردنی سنورێکە. هەموو کۆلۆنیو ماندێتەکان بەو سنورەی کە لەچوارچێوەکەیدا دامەزرێنران سەربەخۆیی خۆیان بەدەستهێنا. من لەسەرەوە ئاماژەم بەوە کردبوو، ئەگەر ماندێت، یان کۆلۆنیی کوردو کوردستان لەچوارچێوەی سنورێکدا دانرابا، ئەوە دەمانتوانی باس لەماندێت و کۆلۆنی بکەین. بەڵام لەبەر ئەوەی وا نەبووە، سیاسەتی نکۆڵیکردن و تواندنەوە بۆتە هۆی ئەوەی کوردەکان بکەونە ئاستی ژێر داگیرکەریش.

کۆلۆنی لەڕوانگەی پەیوەندییە سیاسیەکانەوە، ستاتویەکی سیاسی خۆی هەیە، ئەگەر نزمیش بێت. چونکە بەر لەهەر شتێك وڵاتێکی سنور دیاریکراو لەناوەندەکە هەیەو لەڕووی زمان و کەلتوریشەوە ئەگەر وەکو گەلانی میترۆپۆلەکان نەبن، بەڵام میللەتێکی قەبوڵکراو لەوێیە. کاتێك دەوترێ هیندستان کۆلۆنی ئینگلتەرەو جەزائیر کۆلۆنی فەرەنساو کۆنگۆ کۆلۆنی بەلجیکاو مۆزامبیق کۆلۆنی پورتوگالە، هیندستان و جەزائیرو کۆنگۆو مۆزامبیق بەناسنامەی وڵاتەکانیانەوە دەناسرێن و قەبوڵدەکرێن. بەڵام کوردو کوردستان هیچ ستاتویەکیان نییە. جگە لەوەی ناسنامەکەی بەڕەسمی ناناسرێت، دووچاری نکۆڵیکردنیش بۆتەوە. تەنانەت کوردستان کۆلۆنیش نییەو لەجۆری ژێر کۆلۆنییە.

دوای شەڕی یەکەمی جیهان، (ویلسۆن) سەرۆکی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا پرەنسیپێکی(14) خاڵیی بڵاو کردەوە. لە 12 خاڵیاندا ئاماژە بەوە دەدرێ کەگەلانی ژێر دەسەڵاتدارێتی عوسمانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان هەیە.(لەو شوێنانەی کە تورکەکان زۆرینەن دەسەڵاتدارێتی تورك دادەمەزرێ)، لەشوێنەکانی دیکەش گەلانی تر دەتوانن چارەنوسی خۆیان دیاریبکەن. ئیدارەی سۆڤیەتیش باسیان لەوە دەکرد کە گەلان مافی خۆیانە چارەنوسیان دیاری بکەن... بەڵام کوردەکان هیچ سودیان لەم پرەنسیپانە وەرنەگرت. هەموو جۆرە کۆسپێکیش خرایە بەردەم کورد بۆ ئەوەی سوود لەم پرەنسیپانە وەرنەگرێت. کاتێك کەسیستەمی نێودەوڵەتی لەچوارچێوەی کۆمەڵەی گەلاندا دامەزرێنرا، ناهەقیەکی گەورەو گران لەکورد کرا. گەل و وڵاتی کوردان پارچەو دابەشکرا. دووچاری سیاسەتی نکۆڵیکردن و تواندنەوەو لەناوبردن هاتن. بەدانانی تێلی دڕکاوی لەنێوان پارچەکان و چاندنی زەویەکان بەمین و دروستکردنی قوللەی چاودێری و لەڕێگای رادارو فڕۆکەی جاسوسی و زۆر ئامرازی دیکەی شەڕ، دابڕانی کوردەکانیان لەیەکتر قوڵ و فراوان تر کرد. ئەو سەردەمە هێزی ئیمپریالیستی یەکەم ئینگلتەرەو دوای ئەویش فەرەنسا بوو. گورزی سەرەکیی ئیمپریالیزم لەو سەردەمەدا لەکورد وەشێنرا. گورزێکی زۆر گران بوو، ئەنجام کەلێی کەوتەوە زۆر گران بوو تا ئێستاش درێژەی هەیە. ئەمە وەکو ئەوە وایە کە پەیکەرە ئێسقانی مرۆڤێك پارچە بکرێت و مێشکیشی بڵاو بکرێتەوە. ستاتوەکە لەم سەردەمو لەو ساڵانەدا دامەزرێنرا. ساڵان و سەردەمی دواتریش هەموو توانایەکیان خستە گەڕ بۆ پاراستنی ئەو ستاتوە، هێزە سەرەکییەکانی دامەزراندنی ستاتوەکەش ئینگلتەرەو فەرەنساو بەکرێگیراوانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان بوون. دەستەواژەی (کۆلۆنی نێودەوڵەتی) بەم شێوەیە هاتە ئاراوە. لەدامەزراندنی عیراقی سەربەخۆ، لەسەرەتای ساڵانی سییەکان، بەشێکی کوردستان (باشوری کوردستان) وەکو میراتێك کە لەباوك مابێتەوە درا بەعیراق. لەناوەڕاستی ساڵانی 1940دا واتە لەدوای شەڕی دووەمی جیهان، فەرەنسا دانی بە سەربەخۆیی سوریادا نا. ئەو بەشەی کوردستانیش خرایە سەر سوریا. سەرجەم داواکارییە نەتەوەییەکانی کورد گوشاری زۆری خرایە سەر تەنانەت شێوازی تیرۆری دەوڵەتیی فراوانی هاوبەشیش گیرایە بەر.

وەکو دەبینرێ لەکۆلۆنیە کلاسیکەکاندا سیاسەتی کەپەیڕەوکراوە(پەرت کەو زاڵبە) بووە، بەڵام سەبارەت بەکوردو کوردستانیش ناوەڕۆکی ئەو سیاسەتە، بریتی بووە لە(پەرت کەو زاڵبەو لەناو بەرە). لەکۆلۆنیە کلاسیکەکاندا ئامانج لەناوبردنی زمان و کەلتور نییە. بەڵام سەبارەت بەکوردو کوردستان لەناوبردنی زمان و کەلتورو تێکدانی ناسنامەی وڵات ئامانجە. جیاوازیی گرنگی نێوان کۆلۆنیە کلاسیکەکان و ژێر کۆلۆنیەکان بەم جۆرەیە: ئیدارەی کۆلۆنیالیست بۆ کاتێکی دیاریکراو دانراوە، دوای ماوەیەکی دیاریکراویش دوای ئەوەی وڵاتە کۆلۆنیەکە دەگاتە ئاستی ئیدارەکردنی خۆی، ئەوە کۆلۆنیالیستەکە سەربەخۆیی بەو وڵاتە دەدات. بۆ ئەم مەبەستە نەخشەی پێشوەخت دادەڕێژرێ. بەڵام لەناوبردنی ناسنامەی ئەتنیکی لەولاتانی ژێر کۆلۆنیدا ئامانجێکی سەرەکییە. ئەمەش سیاسەتێکە تا ئەوپەڕی پیادەدەکرێت. ئاشکراشە کەنمونەو بیروبۆچونی جیاواز سەبارەت بەو مەسەلەیە هەیە. نوسەران، پرۆفیسۆرانی زانکۆ، ڕۆژنامەوانان، ئەندامانی پارتە سیاسییەکان لەتورکیا، دابەشکردن و پارچەکردنی کوردستان و شتی لەو جۆرە بابەتە قەت باس ناکەن، ئەم مەسەلەیە وەك ئەوە وایە کە کەس نەیزانێ و نەیبینێ و نەیبیستبێت. لەم ڕووەوە ئەوانە باس لەئیمپریالیزم ناکەن، بەڵام کاتێك دێتە سەر هەوڵەکانی کورد بۆ بەدەستهێنانی ماف و ئازادییەکانی باس لەوە دەکەن کە(ئیمپریالیزم هانیان دەدات)و گوایە کورد ڕۆن بەنانی ئیمپریالیزمدا دەکات و لەدژی دەوەستنەوە.

سیاسەتێکی لەم جۆرە، لەکوێ و چۆن و کەی پەیڕەودەکرێت؟ ئاشکرایە کە: میللەتێك کەببێتە ئامانجی سیاسەتێکی لەو جۆرە میللەتێکە لەناو لاوازیی زۆردا دەژی. هێزە ئیمپریالیست و بەکرێگیراوانی هەرێمەکەش سودیان لەم لاوازیەی وەرگرتوەو میللەتەکەیان دابەش و پارچە پارچە کردوە لەنێوان خۆیاندا. کەواتە پێویستە ئەنترۆپۆلۆجیانە ئەم لاوازیانەی کورد بگیرێتە دەست و شیبکرێتەوە. ئەمانە پرسیارێکن لەڕوی ئەکادیمیەوە ناتوانرێت فەرامۆش بکرێن: بۆچی دوای شەڕی یەکەمی جیهان لەچوارچێوەی پرەنسیپە 14 خاڵیەکەی سەرۆك ویلسۆندا یان لەچوارچێوەی مافی دیاریکردنی چارەی خۆنوسینی گەلاندا ئیدارەی کوردی دانەمەزرا؟ یان بۆچی ماندێتێکی کوردستانی سەر بەئینگلتەرە، یان فەرەنسا دانەمەزار؟ پرسیاری دووەمیش دەبێ ئەمە بێت: ئینگلتەرە لەهەموو کۆلۆنیەکانیدا، بۆ نمونە لەهیندستاندا" باشوری ئەفریقیا، گانا، ئۆگەندا، ڕۆدەزیای باشور، ڕۆدەزیای باکور لەئەفریقیاداو لەکۆلۆنیەکانی دیکەیدا ئیدارەی هەرێمی دامەزراند، بۆچی لەکوردستاندا ئیدارەیەکی لەو جۆرەی دانەمەزراند؟ خاڵێکی گرنگی سیاسەتی ئینگلتەرەی کۆلۆنیالیست دامەزراندنی ئیدارەی هەرێمی بووە لەو کۆلۆنیانەی کە لەژێر دەستیاندا بوون. بەڵام جگە لەوەی ئەم سیاسەتە لەکوردستاندا پەیڕەو نەکراوە، بەپێچەوانەوەش کۆسپی لەپێش دانراوە.

کەواتە پێویستە بیر لەم مەسەلەو بابەتەش بکرێتەوە. پرسیارێکی دیکەش کەلەو بوارەدا دەبێ بپرسرێت لەوانەیە ئەمە بێت: مافی دیاریکردنی چارەی خۆنووسینی گەلان، لەلایەن سەرکردەی بولشەویکی وەکو(لینین)و سەرکردەکانی یەکێتی سۆڤیەتیش پرەنسیپێك بوو زۆر باسی لێوە دەکرا. بۆچی یەکێتیی سۆڤیەت بێدەنگ مانەوە لەبەرامبەر دابەش و پارچە پارچەکردنی کوردو کوردستان؟ بۆچی یەکێتی سۆڤیەت سیاسەتێکی جیایان لەسیاسەتی لەندەن و پاریس پەیڕەو نەکرد؟ بۆچی مۆسکۆ هەمان سیاسەتی لەندەن و پاریسی هەبوو سەبارەت بەگوشار خستنە سەر کورد؟

باس لەوە دەکرێ کەدەزگاکانی شێخایەتی و دەرەبەگایەتییە دواکەوتووەکانی کەهەن کۆسپن لەبەردەم دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی. ئەمە بیرو بۆچونێکی ئاقڵانەو کراوە نییە. چونکە ئەم جۆرە دەزگایانە لەناو عەرەب و فارس و تورکیشدا هەن. دوای شەڕی یەکەمی جیهان عەرەبیش پەرت و بڵاوبوون، بەڵام عەرەب وەکو دەوڵەتی ماندێت و پادشایەتی پەرت و بڵاوبوونەوە. لەناوەڕۆکدا دابەشبونی کوردو دابەشبونی عەرەب زۆر زۆر لەیەکتر جیاوازە. ئاشکرایە وڵاتە ماندێتەکان لەدوای ساڵانێکدا سەربەخۆ بوون. بۆ نمونە عیراقی ژێر دەسەڵاتی سەدام حسێن بەمانایەکی گشتی دەوڵەتێکی خێڵەکییە، کەخێڵی تکریتی چەقەکەیەتی. دیارە کەلێپرسراوانی باڵای پارتی بەعس و کادیرانی دەوڵەت و مخابەرات و سوپاو پۆلیس هەمووی لەعەشیرەتی تکریتی بوون.

لەساڵانی 1920دا، کۆمەڵەی گەلانی کەبۆ ئاشتی و پاراستنی ئاشتی دامەزرا نەیتوانی پێشگری شەڕ بکات. لێرەدا شەڕی ڕزگاریخوازی نەتەوەکانی کە لەو سەردەمەدا هەڵگیرسا ڕۆڵی لەو مەسەلەیەدا بینی. دواتر لەپێناوی دابینکردنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتیدا ڕێکخراوێکی دیکە بەناوی (نەتەوە یەکگرتوەکان) دامەزرێنرا. دوای شەڕی دووەمی جیهان، بەدان پیادانانی نەتەوە یەکگرتووەکان وڵاتە ماندێت و داگیرکراوەکان سەربەخۆیی خۆیان بەدەستهێنا. لە14 دێسەمبەری 1960دا بەپێی بڕیاری ژمارە 1514(XV) کۆلۆنیەکانی ئەفریقیاو ئاسیا کەپێشتر سنوری وڵاتیان بۆ دانرا بوو سەربەخۆییان بەدەستهێنا. بەڵام ئەو ناهەقیەی کە لەسەردەمی کۆمەڵەی گەلاندا لەکورد کرابوو بەهەمان شێوە لەسەردەمی نەتەوەیەکگرتووەکانیش بەردەوام بوو.

داواکارییەکانی کورد لەهیچ کات و شوێنێك قەبوڵ نەکران، کوردو کوردستانیشیان بەنەبوو و نەبینراو نەبیستراو دانا. بەکرداریش لەپێناوی لەناوبردنی کوردو کوردستاندا هەموو جۆرە شێوازێك گیرایە بەرو بەپراکتیکیش جێبەجێکرا.

*** ڕێکخراوەکانی کوردستان وەکو پێشوو باس لەکوردستانی سەربەخۆو یەکگرتوو ناکەن، بەڵام هەندێك لایەن ئەمە وەکو پان-کوردیزم هەڵدەسەنگێنن. بیروبۆچونتان سەبارەت بەو مەسەلانە چییە؟**

- بەبۆچونی من کەموکورتیی گرنگ لەخەبات و تێگەیشتنی کورددا هەیە. کورد بەردەوام باس لە(چارەسەر) دەکەن. دەڵێن ئەگەر دەوڵەت فلان و فیسار هەنگاو بنێت، ئەوە مەسەلەی کورد چارەسەر دەبێت، یان دەڵێن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە دەبێ ئەمانە بکرێن. بەڕای من ئەمە تێگەیشتن و شێوازێکی تەندروست نییە. بەر لەهەر شتێك پێویستە درك بەناوەڕۆك و گەوهەری مەسەلەکە بکرێت بەوەی کە مەسەلەی کورد چ جۆرە مەسەلەیەکە، هۆیەکانی چارەسەر نەکردنی مەسەلەکە تاوەکو ڕۆژگاری ئەمڕۆمان چییە، ناوەڕۆك و گەوهەرو درێژو پانیی مەسەلەکە چییە؟ لەم چوارچێوەیەداو وەکو لەسەرەوە هەوڵمدا ئاماژە بەکێشە سەرەکییەکە بکەم، دابەشکردنی کوردو پارچەکردنی کوردستان مەسەلەیەك نییە کەکورد جدیانە بیری لێ بکاتەوەو سەری خۆی پێ بیەشێنێت. هۆی سەرەکیی ئەمەش وەکو لەوەڵامی پرسیاری دووەمدا ئاماژەم پێ کردوە ئەوەیە کە کوردیش وەکو کەلتوری سیاسیی تورك و سیستەمی سەردەستی تورك بیر لەمەسەلەکە دەکاتەوە.

**دابەشکردنی کوردو پارچەکردنی کوردستان مەسەلەیەك نییە کەکورد جدیانە بیری لێبکاتەوەو سەری خۆی پێ بیەشێنێت**

لەپرسیارەکەدا باس لەوە دەکرێت کەهەندێك ناوەندو دەوروبەر باس لە(پان-کوردیزم) دەکەن، من وەکو کەسێك ئاگاداری ئەمە نیم و شیکردنەوەیەکی بەم جۆرەم نەبینیوە، بەڵام ئەمە شیکردنەوەیەکی هەڵەیە. ئەمە شیکردنەوەیەکی شوبهێنراوە بە(پان-تورکیزم)و لەسەر ئەو بنەمایە ئەنجامدراوە.

(پان-تورکیزم) چەمکێکی سیاسییە کەتوندو تیژی و زەبروزەنگ دەگرێتەخۆ. چەمکێکی سیاسیی وایە کە ئامانجی کۆکردنەوەی سەرجەم تورکەکانە لەژێر ئاڵایەکدا. ئەو گروپانەی تورك بۆچی وا پەرشوبڵاوبونەتەوە؟ ئەمە مەسەلەیەکە پەیوەندیی بەکۆچی سەدەی یانزەهەمی(ئۆغز)ە کانەوە هەیە کەلە ئاسیای ناوەڕاستەوە بەکۆچبەری بەرەو ڕۆژئاوا هاتوون. هاتنی ئۆغزەکان بۆ خۆراسان، ئێران، عیراق، کوردستان، سوریاو ئەناتۆلیا بەتەواوەتی بەئیرادەو خواستی خۆیان بووە.

لەماوەی کۆچی ئۆغزەکاندا، خەڵکانی دانیشتوی هەرێمەکە، واتە دانیشتوانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، گەلانی ڕەسەنی فارس، کورد، گورجی، ئەرمەنی، یۆنانی، ئاشوری و عەرەبو... هتد بوون. لەم هەلومەرجەدا سروشتییە کە گروپە تورکەکان لەیەکتر دابڕێن. هەرچی کوردە، لەدوای شەڕی یەکەمی جیهان سەرەڕای داخوازیەکانیان، لەدەرەوەی ئیرادەی خۆیان بەهێزێکی دەستێوەردەری ئیمپریالیستی دابەش و پارچە کران. لەم ڕووەوە پێشنیاری یەکگرتنەوە خاوەن ناوەڕۆکێکی ئەنتی ئیمپریالیست و دیموکراتیەکە.

لەسەرەوە ئاماژەم بەوە دابوو کەپان-تورکیزم چەمکێکی ناوەڕۆك توندوتیژییە. بۆ نمونە یەکگرتنی تورکەکانی ئەناتۆلیاو قەفقاسیا لەگەڵ تورکەکانی ناوەڕاستی ئاسیا پێویستی بەپرۆگرامی لەناوبردنی ئەرمەنەکان و تواندنەوەی کوردەکان هەبوو. ئەمەش دژی شیکردنەوەی پان-کوردیزمە، چونکە پەیوەندیەکانی کورد لەگەڵ ئاسوری و ئەرمەنەکاندا مۆرکێکی یەکسانی و دیموکراتی بەسەردا زاڵە لێرە. چەمکێکی وەکو دەرکردنی ئەرمەنییەکان، یان ئاشوریەکان لەئارادا نابینرێت. ڕەخنە کردن لەپان-کوردیزم وەکو ئەوە وایە کەکورد بەئەقڵی سیستەمی سەردەستی تورك و کەلتوری سیاسی تورك بیر بکاتەوە. لەم بارەیەوە دەبێ ئاماژە بەوە بدرێ کە: سیاسەتمەدارانی کورد زوو زوو دروشمی دژی جیابونەوە بەرز دەکەنەوە، لەکاتێکدا ئەوەی پارچەو دابەشکراوە کوردو کوردستانە. ئەم دروشمە ئەوە نیشاندەدا کەکورد نەگەیشتونەتە ئاستی قوڵی درککردن بە دابەشکاریی.